# ریفراندۆمی هەفتانە

ژمارە ٣

سەرنوسەر: محسن کریم　　سایتی ریفراندۆم　　www.kurdistanreferendum.net　　٥ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٤


## کۆنگرەی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لە سلێمانی

## راگەیاندنەکەی ...لا پەرەی (٢)

## بە هاوکاری( کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم /ئەوروپا ) کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کۆنگرەی سەربەخۆیی کوردستان لە لەندەن دەبەستێ؛

رۆژی ٤-١١-٢٠٠٤، ئاسۆ کمال بەرپرسی کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانو دەشتی جەمال ئەندامی کەمپین، چاویان کەوت بە جەواد مەلا، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانو سابیر کۆکۆیی، سەرۆکی کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم/ ئەوروپا.

لە دانیشتنەکەدا سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق، مەسەلەی بەرپاکردنی ریفراندۆم پێش هەڵبژاردنو ریفراندۆم بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان، قسەو باس کرا. هەروەها سەبارەت بە(کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان) کە بریارە لە کوردستانو لەندەن لەلایەن کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە ساز بکرێت، بیروڕا گۆڕایەوە. بەرئەنجامی کۆبوونەوەکە بەوە گەیشت کە ئەوان، واتە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانو کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم/ئەوروپا، پشتیوانی لەکەمپینی ریفراندۆم دەکەن بۆ بەرپاکردنی کۆنگرەی سەربەخۆیی کوردستان. لە پەیوەند بە کۆنگرەی لەندەنەوە کە بریارە رۆژی ٥-١٢-٢٠٠٤ ببەسترێت، کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم/ئەوروپا ئامادەیی نیشان دا بۆ هاوکاریکردنی کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان. شایانی ئاماژەپێکردنە کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم پێشتر بەشێك بووە لە بزووتنەوەی ریفراندۆم.

## بانگەوازێك سەبارەت بە : داوای ریفراندۆم پێش هەڵبژاردن

لاپەرە(٣)

## رێگاچارە سەربەخۆیی کوردوستانە؛



هیدایەتی مەلا عەلی

خەڵکی کوردوستان ناسکترین و هەستیارترین قۆناغی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی تێدەپەڕێنێت. لەم هەلومەرجە سیاسیەی ئێستا کە ئەمەریکاو ئەحزابی قەومی کوردی و عەرەبی و دەستەوتاقمی ئیسلامی خەریکن نەخشەکەی دەکێشن، ،ئەم نەخشەیە ناوەڕۆکەکەی شۆڤێنیەتەو رووی دەرەوەشی هەڕەشەو چاوسورکردنەوەکانی یاوەر و عەلاویە لە خەڵکی کوردوستان. تەمەنێکی ٣٥ساڵی لەژێر سایەی هارترین دەسەڵاتی ئەم سەدەیە خەڵکی کوردوستان، خەڵکانی پلە دووی وڵاتێك بوون کە بە پێی پێناسەی دەسەڵات پارچەیەك بوو لە نیشتمانی عەرەبی و دینی ڕەسمی وولاتیش ئیسلام بوو. ئەو دەسەڵاتەی دوێنێ ئەم بڕیارەی دابوو هەموو ڕۆژێك دیاری دەستی بۆ خەڵکی کوردوستان دروست کردنی گۆماوی خوێن بوو. هەموومان بەشێك بووین لە سووتەمەنیەکانی ئەو کردەوە دژی ئینسانیانە. هەر کاتێك خەڵکی کوردوستان وویستبێتی ئیرادە بنوێنێ و شتێك لە ژیانی سەختی خۆی بگۆڕێ ئەوا قەسابخانەکەی موصڵ و شوعبەی ٥ی بەغدادو هەیئەی خاصەی کەرکوك چاوەڕوانی بووە، سەرەڕای کیمابارانو ئەنفال و ئیبادەی سەدان هەزار ئینسان.

ئەو سیناریۆ ڕەشەی کە سەدام و بەعس پاڵەوانەکانی بوون کۆتایی هات، بەڵام ئێستا پەردەیەکی تر لە شانۆگەری سیناریۆیەکی ڕەشی دیکە خەریکە یەخەی خەڵکی کوردوستان دەگرێت. هەمان پێناسەو هەمان دووبارە بوونەوەی ئەو بارودۆخە ڕەشە لەسایەی ئەمەریکاو دەسەڵاتە تازە سەپێنراوەکەی عێراق. ئەم دەسەڵاتە کەلە یەکەم ڕۆژی کورسی گرتنیەوە بەدەیانجۆر هەڕەشە لەخەڵکی ستەم لێکراوی کوردوستان دەکاتو دەڵێت هەر ئایندەیەك من بۆت دیاری نەکەم بۆ تۆ نیەو هەر هەوڵێك بۆ بڕیاردان لەسەرچارەنووسو جۆرێك پەیوەندی کە خۆتان دیاری دەکەن ئەوا بە ئاگرو بەخوێن وەڵامتان دەدەینەوە. ئەم دەسەڵاتە لەرزۆکە بەیانی نیەتی خۆی لە بەرانبەر خەڵکیدا کردووەو بۆ لاپەرەی (٣)

## بانگێشتی گشتی بۆ

## کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان !**
**لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکان !**
**هێزە پشتیوانو لایەنگرەکانی خەڵکی کوردستان !**

کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لەکوردستان ولەدەرەوە بەڕێوەیە. ئەم دوو کۆنگرەیە لەکاتێکی حەساس و چارەنوس سازدا دەگیرێت کە لەعیراقدا خەریکە هەلبژاردنێك بەرپادەکرێتو کوردستان دەخرێتەوە ژێرسایەی دەولەتی مەرکەزی عیراق. خەڵکی کوردستان ئەنجامی هەلبژاردنەکە، کە ئەگەری ئەوە زۆرە رژێمێکی ئیسلامی و قەومی عەرەبی بێنێتە سەرکار، بە ترس و هەڕەشەیەك بۆ سەر ماف و چارەنوسی خۆی دەزانێت. هەربۆیە پێویستە پێش ڕوودانی ئەم هەڵبژاردنە خەڵکی کوردستان بڕیارێك بدات وکارێك بکات بۆ پاراستنی مافی خۆی و چارەنوسی سیاسی کوردستان.

ئێمە لەم کۆنگرەیەدا بۆ ئەم بڕیارو کارکردنە کۆدەبینەوە. ئەمە ئەو شوێنەیە کە پێویستە جەماوەری کوردستانو لایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی تیادا کۆببنەوە و بڕیاربدەن. پێویستە هەموو هێزەکانمان لەم کۆنگرانەدا کۆبکەینەوەو خۆمان ئامادەو ڕێکخراو بکەین بۆپاراستنی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر ئەم هەڕەشانەو بۆ پێداگری لەسەر مافەکانمان. هەربۆیە ئێمە لە ڕێگەی ئەم بانگەوازەوە بانگێشتی هەموان دەکەین بۆ ئامادەبوون لەم کۆنگرانەدا. هەرکەسێكو لایەنێك خۆی بەبەشدار دەزانێت لەم دوو دروشمەی خوارەوەداو پشتیوانی لەم خواستانە دەکات، داواکارین بەهەر شێوەیەك دەتوانێت بە شداری ئەم کۆنگرانە بکات.

بەشداری( **کۆنگرەی ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی**

**یەکەم: ریفراندۆم لە کوردستان پێش هەڵبژاردن لە عێراقدا**

**دووەم: ریفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی یان مانەوە لە عێراقدا**

**کوردستان** ) بکەن. بۆ بریاردان و کارکردن لە پێناو : بەشداری کردنتان دەتوانێت بە ئامادەبوون یان بەناردنی نامەی هاوپشتی بێت بۆ ئەم کۆنگرانە.

کۆبونەوەو بەشداریتان لەم کۆنگرانەدا لەپێناو کۆکردنەوەو ریکخستنی هێزمانە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو داخوازیانەی خەڵکی کوردستان.

**کۆنگرەی کوردستان لەشاری سلێمانییە رۆژی ٢٥نۆڤەمبەری ٢٠٠٤.**

**کۆنگرەی دەرەوە لەشاری لەندەنە رۆژی ٥ دیسەمبەری ٢٠٠٤ ، کۆنگرەکە بەزمانی کوردی وئینگلیزی دەبێت. بۆ پەیوەندگرتن بەمەبەستی بەشداری:**

TEL:07795330896

E.MAIL: asokamal1@aol.com

**کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**سەرەتای نۆڤەمبەری ٢٠٠٤**

# کۆنگرەی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق!

**بابەهەموو توانامانەوە بۆ خواستی جیابوونـەوەی کوردسـتان ودامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ تێبکۆشین!**

**حـیزب ولایەنـە سیاسـیەکانی کوردسـتان..**

**کەسایەتی و ریکخراوە جەماوەریەکان..**

**خەلکی ئازادیخوازی کوردستان..**

زیـاتر لـەنیو سـەدەیە دەیـان رووداو وکارەسـاتی خویناوی، دژی ئینسانی ترین تاوان وتراجیدی تریـن هەلومـەرجی ژیـان ، بـەهۆی لـەئارادابوونی سـتەم وکیـشەی نەتەوایەتیـەوە، بوونەتـە میژوویـەکی تـالی خـەلکی کوردسـتان. حکومەتـە ناسیۆنالیـستیـیە عەرەبیـیەکانی دەسەلاتدار لە عـیراق، لەسـەرویانەوە رژێمـی هـاری بـەعس هەویـەتی قـەومیان بەسـەر کۆمـەلگای عیراقدا داسەپاندووە. لەم راستایەشدا وەك سەرچاوەی پیکهاتنی ئەم میژووە رەش و تالە، جەنـگ وکاولکاری، کیمیاباران وئەنفال، تـەرحیل وتـەعریب، سەرکوت وئیعدام ودەیان مامـەلەی تری نامرۆڤانـەیان لە بەرامبەر خواستە بەرهەقەکانی خەڵکی کوردسـتان مومارەسـە کـردووە. بـەمجۆرەش کیـشە وسـتەمی نەتەوایەتی وەك برینیکی قوولّ لەجەستەی کۆمـەلگای عیراقدا هەلکۆلّراوە.

بەدوای رووخانی رژێمی بـەعس، چارەسـەری کیـشەی کـورد وکۆتـایی هینـانی یـەکجاری بەزەمینـەو بناغـەکانی چەوسـانەوە وهـەلاواردنی قـەومی، بـووە ئەگـەریك لەبـەردەم هـیزە سیاسـیەکانی کوردسـتان وجـەماوەری خەلکـدا و بـەم جـۆرەش فرسـەتی ئـەوە پیکهـات کـە بـە کـردەوە ئـەم کیـشەیە لـەریگای پیکهاتنی حکومـەت ودەولەتیکی عـلمانی، دامـەزراو لەسـەر بناغـەی مـافی هـاوولاتی بوونـی یـەکسان لەعیراقدا، چارەسەربەی. بەلاّم نەخشەکانی ئەمریکا بۆ هێنانەوە سەرکاری حکومەتێکی عروبی-ئیسلامی بە کـردەوە ڕێگری لەبـەردەم وەدیهـاتنی ئـەم خواسـتە پێکهێناوە. هەلومەرجی ئـەمڕۆی عـیراق لـە سـایەی نەخـشە و پیلانـەکانی ئـەمریکا بـۆ پێکهێنانـەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای قەومی و ئاینی، بە هاودەستی لەگەلّ هێزە قەومی و ئیسلامیـیەکان، لەلایەك و برەو سەندنی تیرۆریزمی ئیسلامی لە لایەکی تر ئاینـدەی عیراقـی پێـچاوەتە ئەگـەرەکانی قوولّبوونـەوەی سیناریۆی ڕەش و بـەمجۆرەش کوردسـتان و داهـاتووی ژیانی خەڵکەکەی لەبەردەم خەتەری گەرانەوەی ستەمی نەتەوایەتی و جەنگ و کارەساتی قەومیدا راگیراوە.

هەر بۆیە لە کاتێکدا کە حکومەت و دەستوری کاتی بەهەویـەتی قـەومی عـەرەبی و ئیـسلامیەوە تەمەنـی بیتوانایی و هیـچ لەبارنـەبوونی خـۆی تیپـەردەکات، لەکاتیکـدا کـە بـەلاّی تـیرۆرو هەرەشـەی ئیـسلامی سیاسـی و دەسـتەو تاقمـەکانی بـۆ لەقالبدانـی کۆمـەلگای عیراق یەخەی بەخەلك گرتووە، لەکاتیکـدا کـە دەولـەتانی تورکیـاو ئـیران و سـوریا بـۆ نائـارام راگراتنی ناوچـەکەو دریژەپیـدان بەسـیناریوی ئیـستا لەوپـەری هەولـدان .. خـەلکی کوردسـتان بۆئـەوەی ئاینـدە وچارەنوسـیکی ئاسـودە و ئینـسانیان ببیـت، دەبێ ریگـای جیابوونـەوە ودامـەزرانـدنی دەولەتیکـی سەربەخۆ بگرنەبەر. ئەمە دەتوانـێ نـەك هـەر کیـشەی کورد وخەتەری گەرانەوەی ستەمی نەتەوایەتی کۆتایـی پێبهینی بەلکو ژیـانی ئیـستای خـەلکی کوردسـتان لەسـیناریۆی رەش و ئیحتمالاتـەکانی دەرکیـشی وداهاتوی کوردستانیش بسپریتەوە بە ئـیرادەی خەلـك خۆیان.

ئیمـە لـەپیناو خواسـتی جیابوونـەوەی کوردسـتان و دامەزرانـدنی دەولـەتیکی سـەربەخۆ بـەردەوام تیکۆشاوین و ئیستاش بەقازانجی خـەلکی کوردسـتان لەریزی پیشەوەی بەدیهاتنی ئەم خواستەدا رادەوەستین وەك هەنگاویکیش لەراستای بەدیهنانی ئەم ئامانجـەدا یەکەمین گونگرەی سـەربەخۆیی کوردسـتان بۆبـەردەم لایەنـە سیاسـی و جەماوەریـەکان و کەسـایەتی و سەرجەم خەلکی کوردستان رادەگەیەنین.

ئیمە دەمانەویت لەریگای ئـەم کۆنگرەیـەوە خواسـتی جیابوونـەوەی کوردسـتان ودامـەزرانـدنی دەولەتیکـی سەربەخۆ پیکەوە بەدەسـتەوبگرین وبیکەینـە شـیعاری دەسـتی هـەموو ئـەو هـیزو ریکخـراوە جـەماوەریو وکەسـایەتیانەی کـە ئاینـدەیـەکی درەخـشان بـۆ کۆمـەلگای کوردستانیان دەویـت، هـەروەها سـەرجەم ئەو ئینـسانانەی کـە نایانـەویت کوردسـتان ببیتـەوە مـەیدانی شەری قەومی وکیشە خویناویـیەکانی.

ئیمە دەمانەویت ئەم کۆنگرەیـە بکەینـە هەنگاویکـی عـەمـەلی بزوتنـەوەی جـەماوەری خـەلکی کوردسـتان بۆخواسـتی سـەربەخۆیی کوردسـتانو دانـانی ئـەم خواسـتە لەبـەردەم ناوەنـدە سیاسـیـیە نیودەولەتیـیەکاندا، بە مەبەستی سەرنج راکیـشانیانو ناچارکردنیان بە سەلماندنی مافی خەلکی کوردسـتان بۆ دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان. هاوکات ئیمە لەم ریگایەوە تەواوی حیزب و لایەنەکان بانگەواز دەکەیـن بۆ راوەستان لەکەنار خواستی خەلکی کوردستاندا بۆ جیابوونـەوە و دامـەزرانـدنی دەولـەتیکی سـەربەخۆ لەکوردستان. ئەوە ڕوون وئاشکرایە کە داکۆکی کردن لەم خواستە وکارکردنی عەمـەلی بۆی یەکێك لە پێوانە واقعیـیەکانی دوور ونزیکی هەر هێزێکی سیاسـیـیە لـە جـەماوەری کوردسـتان وخواسـت و ئامانجەکانیـیانەوە.

ئەمرۆ زەمینەو دەرفەتیکی گەورە بۆ بـەدیهینانی ئـەم خواستە پیکهاتوە، نابی چی تر فرسـەتەکان لەدەست بدرین. ئەحزاب ولایەنـەکان، کەسایەتی ورۆشـنبیران، لەریزی پیشەوەدا بەرپرسیاریتی میژوییان لەئەستۆیە لـە ریگـای بـەدی هینـانی خواسـتی جیابوونـەوەی کوردسـتان و دامـەزرانـدنی دەولـەتیکی سـەربەخۆدا. ئیمە هەموو لایەك بانگەواز دەکـەین بۆبەشداری لـەم کۆنگرەیەو کارکردن وتیکۆشان لەپیناو ئەم خواستەو بەجێگەیاندنی بەرپرسیاریتی سەرشانمان. با لـەریگای بەشـداریمانەوە لـەم کۆنگرەیـەدا بەتـەوای توانامانـەوە بۆبەدیهینانی کوردستانیکی سەربەخۆ رابوەستین.

**کاژاو جەمال**

**لەلایەن کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**٢٥-١٠-٢٠٠٤**

**کۆنگرەکە رۆژی ٢٥/١١/٢٠٠٤ لە هۆلی سلیمانی سەنتەری چالاکی گە نجان لە بەختیاری، کاتژمیر ١٠ی بەیانی دەبەسترێت.**
**بۆ بەشداریکردن پەیوەندی بکەن بە :**
**کاژاو جمال - ژمارە تەلەفونی : ٠٧٧٠١٥٢١٨٥٢    کاروان نەجمەدین— ژمارە تەلەفونی : ٠٧٧٠١٥٨٧٦٤٥**
**یان لە رێگەی نوسینگەی ( دادگایی کردنی صدام حسین وسەرانی بەعس ) -شەقامی قەنات- بازاری شنروێ**

**پاشماوەی لاپەرە( ٤ ) وتاری محسن**

دەیان کاتەوە بە خۆراکی جەنکی نەتەوەپەرستی رژێمە نەتەوەپەرستەکانی دەسەڵاتداری ناوەند.

خەڵکی عەرەبزمان ئەگەر پشتیوانی لەو مافەی خەڵکی کوردستان نەکەن ئەوا کۆت و پێوەندی پێ ی خۆیان بۆ بۆرژوا ناسیۆنالیستی عەرەبیو ئیسلامی توند دەکەنەوە. خەڵکی کوردستانیش ئەگەر پێ لەسەر تەجروبەکردنی ئەم مافەی خۆیان دانەگرن، ئەگەر هەر ئێستا خوازیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم پێش هەڵبژاردنی سەراسەری لە عێراقدا نەبن،ئەوا باری گرانی ستەمی میللیو ئەڵقەی دیلێتی خۆیان بۆ دەورەیەکی دیکە دەکەنەوە شانو ملی خۆیان.

بارودۆخی سیاسی عێراقو ناوچەکەو تەنانەت جیهانیش بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و تەنانەت بریاردان لەسەر جیابوونەوەی کوردستان لەبارە. هیچ سیاسەتێکی براوە لە عێراقدا بۆ هیچ کام لە هێزە سیاسیو دەوڵەتە ئیقلیمیـیەکانو ئەمریکاش ئیمکانی جێبەجێبوونی نییە. خەڵکی کوردستان ئەگەر بریاربدەن دەتوانن خواستی ریفراندۆم بسەپێننو بەرپایشی بکەن. ئەوکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناتوانێ دژی رای گشتی ئەوان بوەستێتەوەو ئاکامەکەشی قبولّ دەکات. پێویستە خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی عەرەبزمانیش پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان بکەن. ئەمە رێگای دروستە بۆ دوورخستنەوەی جەماوەری عەرەبزمانی عێراق لە پەتای ئەفکارو بیرباوەڕی نشۆڤینیستانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیو ئیسلامی سیاسی.

## پاشماوەی لاپەڕەی( ١ ) وتاری هیدایەت

بە سیاسەت و بەهەڕەشەو بەهێشتنەوەی دەیان کێشەو زوڵم کەلە خەڵکی کوردوستان کراوە.

ئەم هەلومەرجە بە جارێك خەڵکی کوردوستانی دوودڵ و نارەحەت کردووە. خەڵك نازانیٚ چارەنووس و ئایندەی بە کویٚ دەگات! ئایا هەروەك جاران بەزۆر لەبری صەدام، وێنەی یاوەرو عەلاویمان پێهەڵئەواسن یان نا!؟ ئایا ئێمەش دەبینە ئینسانی یەکسان لەم وولاتەدا یان هەر پلە دوو، هەر میوانین و دەبێت هەمیشە دەستمان لەسەر سنگ بێت بۆ تەشریفات! ؟ خەڵکی کوردوستان، دەیان کۆڕو کۆمەڵ و ڕێکخراوو سەدان کەسایەتی سیاسیو هونەریو ڕۆشنبیری، ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕیووە لەم سیاسەتەی کەبۆ ژێر دەستەکردنی خەڵکی کوردوستان بەڕێوەیەو ئەحزابی قەومی کوردیش، یەکیەتی و پارتی، تێیدا هاوبەشن. یەکیەتی و پارتی کە لەسەر لاشەی ماندووی خەڵكو ستەمو چەوساندنەوەیەك کە هەبووە خۆیان پێگەیاندووەو دەستیان لەدەسەڵات گیرەو بەشی تریشیان دەوێت لە مەرکەز. ئەم بەشکردنەش هەمیشە لەسەر حیسابی خەڵكو ژیانو چارەنووسیان کراوە. بۆ یەکیەتی و پارتی دەسەڵاتو کۆکردنەوەی سەرمایەو بۆ خەڵك ئەو کارەساتەیە کەڕۆژانە بەچاوی خۆمان دەیبینین کە چەندین خێزان لەبەر بێدەرەتانی ماڵەکانیان لەسەر شەقامەکان داناوە.

یەکیەتیو پارتی لەسیناریۆ و کۆبوونەوە نهێنیەکاندا دەیانەوێت بەقیمەتی بردنی بەشی باشتر لەدەسەڵات بەناوی تەوافقو دیموکراتیەتو فیدراڵیەتەوە خەڵکی کوردوستان بەدەستو چاوی بەسراوەوە تەسلم بە شۆڤێنیەتی عەرەب بکرێت. هەر مامەڵە و سەودایەك ئەم حیزبانە ژێربەژێر ئەنجامی دەدەن هیچ پەیوەندیەکی نیە بە خەڵکیەوەو کەس بەشدارنیە تێیدا. هەموو بینیمان سەرانی یەکیەتی وپارتی دوای کۆبونەوەی ١٠,٢٦لە هاوینەهەواری سەلاحەدین چییان ووت. تاڵەبانی ووتی: (ڕێکەوتوین بەڵام کاتی ئەوە نەهاتووە ڕایگەیەنین)! ماوەیەکیش لەمەو پێش بارزانی لەیەکێك لەچاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەی الشرق الاوسگ ووتی: (ئەگەر پێویست بکات ئەوا ڕاستیەکان بەخەڵكو ڕای گشتی دەڵێین)! سەیرکەن ئەوەی سەرکردایەتی ئەحزابی قەومی کورد لەسەری کۆدەبنەوە چییە؟ ئەوەی قسەی لەسەر دەکەن کامەیە؟ ئەوەی یاری بەچارەنووسی دەکەن کێیە؟ بەدڵنیایەوە خەڵکی کوردوستانە. ئیتر بۆ دەبێت خەڵك نەزانن چی ووتراوەو چی بڕیار دەدرێت!؟ بۆ دەبێت خەڵك خۆی بڕیار نەدات!؟ تاکەی دەبێت بەخەڵك بووترێت لەسەر چارەنووسی تۆ کۆبوینەوەو بەس پێت ناڵێم کە چیمان کرد! یان بۆ دەبێت کە پێویست بکات پاشان ڕاستیەکان بە خەڵك دەڵێن؟ ئەی مەگەر هەر ئەو خەڵکە نین بە لێشاو بە کورەی مەرگدا کراوون؟ ئەی مەگەر هەر ئەو خەڵکە نین بەناویانەوە شیعاری بریقەدار دەڵێنو وا نیشان دەدەن شەڕی ئێوە لەسەر مافەکانی خەڵکە!؟ ئیتر بۆ شتەکان نهێنیو شاراوە بن؟

ئەم واقیعەتە ئەوە دەردەخات نە کۆبوونەوەتان لەبەرژەوەندی خەڵکەو نە کێشەتان کێشەی خەڵکە. بەڵکو بە پێچەوانەوە خەلك وەسیلەیەکی دەستی ئێوەیە بۆ جێبەجیٚ کردنی مەرامو مەوقعیەتی خۆتان لە دەسەڵات. ئەو کەسانەی ئێوە خۆتان بەسەردا سەپاندوون داروبەرد نین، ئینسانن، بۆدەبێت شتەکان لە ئینسانەکان شاراوەبن؟ بۆ دەبێت ئینسانەکان لەپشتی خۆیانەوە وێنەی ژیانیان بگیریٚ؟ ئەم سیناریۆیەو ئەم یاریەی ئەحزابی قەومی کورد بەچارەنووسی خەڵکەوە دەیکات دەبێت کۆتایی پیٚ بێت. ئەو هەڕەشانەی یاوەر و شۆڤینیەتی عەرەبی لەخەڵکی کوردوستانی دەکات دەبێت وەڵامی خێراو جیدی پیٚ بدرێتەوە. ئەم وەڵامە نە لای ئەحزابی قەومی کوردەو نە لای فیدراڵیەتە، نەلای بزوتنەوەی ڕیفراندۆمەکەی دەسەلاتدارانە. ئەمڕۆ تەنها ڕێگاچارە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی کوردو بە پلە دوویی، و ڕێگەنەدان بەعەمەلی کردنەوەی هەڕەشەکانی یاوەر و عەلاوی جیابوونەوەی کوردوستانو سەربەخۆییە. من بانگەوازی هەموو ئەو ئینسانانە دەکەم کەچارەنووسی خەڵکی کوردوستانیان بۆگرنگە و ئومێدیان هەیە بە ژیانێکی شایستەو ئینسانی بۆ خەڵکی کوردوستان، لەدەوری یەکتر کۆبینەوەو لەم قۆناغە چارەنووس سازەدا کارەکانمان یەك بخەین و بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورەی وا پێکبهێنین کە بتوانین خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین. بۆ ئەم بەرێخستنی ئەم کارەو بۆ جێخستنی ئەم ئاواتە سادەو ئینسانیە، کۆبوونەوە لە دەوری خواستی ( ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردوستان) دەتوانێت ئەو ئاڵایە بێت کە هەموومان بچینە ژێر سایەکەیەوە. با چارەنووسمان بەدەستی خۆمان دیاری بکەینو ڕێگا نەدەین کەسانی تر لەبری ئێمە بیر بکەنەوەو بریار بدەن!

## بانگەوازێك سەبارەت بە : داوای رفراندۆم پێش هەڵبژاردن

**هیز و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی کوردستان! لایەنگران و هەلسوراوانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان!**

وەك ئاگادارن ئێستا مەسەلەی بەشداری کوردستان لە هەلبژاردنی سەراسەری عیراق دا لە ئارادایە و خەڵکی کوردستان بەچاوی تێڕامان و دودڵیەوە دەڕواننە ئەم مەسەلەیە.

بەبروای ئیمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەم دووخاڵە لە هەلویستگیری خەلکی کوردستاندا گرنگە:

خاڵی یەکەم : . ئێستا لەریگای هەلبژاردنی سەراسەری عیراق ، دەیانەوێت دوبارە دەولەتی عیراقی تیدا دروست دەکریتەوە و کوردستان ،کە لە ١٣ ساڵی ڕابردوودا بەعەمەلی لەعیراق جیابوە، بچیتەوە زیر سایەی ئەو دەولەتە مەرکەزیەوە. بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان خۆی خاوەنی بریاربێت لەم پرۆسەیەدا و جارێکی تر بەزۆر نەبرێتەوە زیر سایەی حکومەتیکی مەرکەزی ، دەبێت رفراندۆمێك لە کوردستان بەرپابکرێت بۆ پرسی ئەوەی ئایا خەڵکی کوردستان دەیەوێت بچیتەوە ژێر سایەی ئەو دەوڵەتە مەرکەزیەی عیراق یان دەیەوێت سەربەخۆبێت.

خاڵی دووەم: ئاشکرایە ئەم ئەم هەڵبژاردنە کە بەبیٚ سەرژمێری ، بەبیٚ یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە تەعریب کراوەکان، بەبیٚ ئازادی سیاسی و بەبیٚ بونی ئەمنیەت و لەسایەی دەسەڵاتی میلیشیایی وتیرۆریزمدا بەرێوە دەبرێت، ئەنجامەکەی ئەوەیە کە زۆرینەی دەنگەکان هێزە ئیسلامی و قەومی عەرەبی یەکان دەیهێنن . حکومەتێك کە ئەمانە پیکی دەهینن دژی مافی رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستانە. تەجروبەی یەك ساڵی ڕابردوودا بەئاشکرا لە مەجلسی حوکم ، دانانی قانونی کاتی ، دانانی پۆستی سەرۆکایەتی دەولەت وحکومەتی عیراقیدا، لە هەرەشە وفشاری سیستانی بۆ قەدەغەکردنی باسی کورد لە بریاری ١٥٤٦ مەجلسی ئەمندا و لە هەڕەشەی "یاوەر" بۆ کوشتاری خەلکی کوردستان ، هەموو ئەمانە راستی ئەم دوزمنایەتیەی حکومەتی ئایندەی ئەوانی سەلماندوە وپێویستی بە چاوەڕوانی وتەجروبەکردنی دەسەلاتی تازەیان نیە بۆ داوەری کردن لەسەریان.

هەربۆیە بەشداری کردنی خەڵکی کوردستان لە هەلبژاردنی عیراقدا پێش ئەوەی حسابی خۆی لەگەڵ دەولەتی مەرکەزیدا یەکلایی بکاتەوە پیچەوانەی بەرژەوەندی ومافی چارەنوسی کوردستانە و نابێت خەڵك ئەم بەرژەوەندیانەی خۆیان بکەنە قوربانی ئەو چەند کورسی ودەنگەی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان لەو بەناو هەلبژرادنەدائەیهێنن . خەلکی کوردستان کوردستان ئێستا وەسیلەیەکی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی بەکاری بێنیٚ و فشار بهێنیٚ بۆ بەدیهینانی مافەکانی خۆی ئەویش دەنگەکانێتی. خەلك دەبێت داوای ئەوەبکات پێش هەلبژاردنی عێراق و دەنگدان بۆ حکومەتی مەرکەزی ، خەلکی کوردستان مافی دەنگدان و ڕاپرسی(رفراندۆم) هەبیت . دابینکردنی ئەم مافی رفراندۆمە زامنی پاراستنی خەڵکی کوردستانە لەوەی بگەرێتەوە زیر دەستی حکومەتیکی ئیسلامی وقەومی کە ستەمی قەومی و پلەدوویی بەسەریاندا بسەپینیتەوە .

هەربۆیە ئیمە بانگەوازی هەموو هیز و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی کوردستان ولایەنگران و هەلسوراوانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان و ریکخراوە و پەرلەمان و کەسایەتیەکان لە جیهاندا دەکەین پشتیوانی ئەم داوایەی ( ریفراندۆم پێش هەلبژاردن) بکەن وئیمزای ئەم داوایە بکەن و پیکەوە کاربکەین بۆ بەریخستنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری کە ئەم داوایە بکاتە ئەمری واقیع لە کوردستاندا.

**بەڵیٚ بۆ سەربەخۆیی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی غەیرە قەومیو غەیرە دینی لە کوردستان**

# فرسەتێك بۆ ئەوەی لەدەست نەدرێت!

**محسن کریم**

بارودۆخی سیاسی عێراق‌و کوردستان لە هەموو کاتێك زیاتر ئەو هەڵبژاردنە سیاسیەی خستۆتە بەردەم خەڵك‌و هێزە سیاسیەکانی عێراق‌و کوردستان بۆ ئەوەی کێشەیەکی مێژوویی کە بۆ دەیان ساڵە خەڵکی پێوە گیرۆدە بووە، چارەسەر بکەن‌و فایلی ئەم کێشەیە کە بە کێشەی کورد ناسراوە بۆ هەتا هەتایە دابخرێت. یان ئەوەتا بۆ دەیان ساڵی دیکە ئەم کێشەیە بە کراوەیی بهێڵرێتەوەو ئاسۆیەکی تاریك‌و خەتەرناکی رق‌و کینەی نەتەوەپەرستی، شەڕو پاکسازی نەتەوەیی، کوشتارو خوێنرێژی بخرێتەوە بەردەم جەماوەری خەڵکی عێراق.

بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق، ئەم وەزعیەتەی ئێستا فرسەتی ئەوەی هێناوەتە پێشەوە کە هەتا هەتایە خۆی لەژێر باری ستەم‌و چەوسانەوەی میللی‌و جێگەورێگەی پلەدوویی رزگار بکات. بۆ خەڵکی عەرەبزمانی عێراقیش ئەو فرسەتە هاتۆتە پێشەوە کە خۆی لە جێگەو رێگەی نەتەوەی"چەوسێنەر" رزگار بکات‌و خۆی لەژێر باری شۆڤینیزمی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا کەئێستا دەسەڵاتێکی بەسەر ئەوانیشەوە نەماوە، بهێنێتە دەرەوە. کۆتایی هێنان بە کێشەی کورد لە عێراقدا، کۆتایی هێنانە بەو روباری خوێنەی کە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب‌و کورد، لە بەیەکتر بە کوشتدانی خەڵکی زەحمەتکێشی عەرەبزمان‌و کورد زمان بەرێیان خستبوو! گەراندنەوەی هەویەی ئینسانی‌یە بۆ خەڵکی عەرەبزمان‌و کوردزمانی عێراق. هەنگاوێکیشە بۆ تەکاندنی تەپ‌وتۆزی ئەفکارو سوڵتەی ناسیۆنالیزم لە شان‌و پشتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی



عێراق‌و بینینی بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌و چینایەتیەکانیان‌و چوونە سەر رێگای بەرەوپێشبردنی خەباتی یەکسانیخوازانەیان بۆ رزگاری‌و خۆشبەختی‌و ئازادی‌و یەکسانی کۆمەڵایەتی.

بۆ حیزب‌و گروپ‌و لایەنە سیاسی‌و جەماوەری‌یەکانیش تاقی کردنەوەیەکە کە رادەی دوورو نزیکی‌یان لە بەرژەوەندی خەڵکەوە بەگشتی‌و خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشەوە بە تایبەتی لە مەحەك دەدات. بڕوا بوون بە مافی بەرپاکردنی ریفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر پرسی (جیابوونەوە یان مانەوە لە چوارچێوەی عێراق)دا، ئەو سەنگی مەحەکەیە. هەر هێزێك دژایەتی بکات دژی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەو بێگومان دژی خەڵکی عێراقیشە، چونکە یان خۆی راستەوخۆ شۆڤینیستەو یان سیناریۆی دیلێتی خەڵکی عێراق بۆ شۆڤینیزمی ناسیۆنالیزمی عەرەب‌و ئیسلامی سیاسی موتوربەکراو بە ناسیۆنالیزم درێژە پێ‌دەدات‌و

بۆ لاپەرەی( ٢ )

## لە پێناو بەرپاکردنی ریفراندۆمێك بۆ خەڵکی کوردستان

بە مەبەستی سازدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری‌و راکێشانی پشتیوانی جیهانی بۆ خواستی ( ریفراندۆم پێش هەڵبژاردن) ، کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەم یاداشتە دەخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان‌و لایەنە سیاسی‌و جەماوەریەکان‌و رای گشتی کوردستان بۆ ئیمزاکردن‌و راگەیاندنی وەکو یاداشتنامەی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر دەزگا رەسمی‌یە ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتیەکان‌و رای گشتی جیهاندا.

رێکخراوو ئەحزاب‌و دەستەو گروپی سیاسی‌و جەماوەری دەتوانن بە بەیاننامە یان راگەیاندن پشتیگری لێ بکەن. هەروەها هەرکەسێکیش یان کۆمەڵە کەسێك دەتوانن ئیمزای خۆیانی لێ بدەن کە بۆ ئەم مەبەستە وەکو لیستی ئیمزاش بڵاودەکرێتەوە، لەم حاڵەتەدا ناوی سیانی یان ئەو ناوەی پێ‌ی ناسراون لەگەڵ شوێنی نیشتەجێ‌بوون، دەنوسرێت‌و ژمارە دەدرێت لە ناوەکان.

**بۆ ناردنی لیستی ئیمزاکان بۆ ئێمە :**

**لە دەرەوەی وولات دەتوانن لە رێگای ئەدرێس ئیمێلەکانی :**

Muhsin_km@yahoo.com

asokamal1@aol.com

**یان لە رێگەی سندوق پۆستی :**

**PO BOX 1575**
**ILFORD IG1 3B2**

نامەو ئیمزاکانتان بنێرن.

**لە کوردستانیش :**

**لە رێگەی نوسینگەی ( دادگایی کردنی صدام حسین وسەرانی بەعس ) -شەقامی قەنات- بازاری شنروێ- سلێمانی،**

نامەو لیستی ئیمزاکانتان بنێرن بۆمان.

## درێژەی پشتیوانی لە کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان!

پشتیوانیکردن لەکەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لەناوخۆو دەرەوەی کوردستاندا درێژەی هەیەو سەدان کەسی دیکە لە خەڵك‌و کەسایەتی سیاسی‌و رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان، بەناردنی نامە یان بەدانی ئیمزا لەکەمپینی هاوبەشی (کەمپینی ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان‌و سایتی کوردستان نێت)، پشتیوانی خۆیان لە خواستی ریفراندۆم دەربڕیوە. دوای بڵاوبوونەوەی ژمارەکانی (هەفتەنامەی ریفراندۆم) یش، لەلایەن کەسانێکی زۆرەوە پێشوازی لەم هەنگاوەو لەبابەتەکانی بڵاوکراوەکەش کراوە کە چەند مەسەلەی حەساسی خستۆتە روو. تا ئێستا نزیکەی ٢٨٠٠ کەس ئیمزای پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپینی هاوبەشی (کەمپینی ریفراندۆم‌و سایتی کوردستان نێت) ناردووەو چەندین نامەی دەستخۆشی‌و پشتیوانیشمان بە دەست گەیشتوە، لەناو ئەو نامانەدا نامەی( مامۆستا شۆرش، ئەندامی پێشووی ناوەندی سلێمانی‌و کەرکوکی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) دانیشتووی وولاتی ئوسترالیای تێدایە. هەروەها لەو نامانەی بۆ پشتیوانی لە بەرپاکردنی کۆنگرەی سەربەخۆیی کوردستان بە دەستمان گەیشتوە، نامەی گروپێك بەناوی( سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان) مان بەدەست گەیشتوەو پشگیری لە تەرح‌و پێشنیارە سیاسیەکانی ئێمە دەکەن لە پەیوەند بە ریفراندۆم‌و سەربەخۆیی کوردستانەوە. هەروەها نامەی شەماڵ جەودەت دانیشتوی کەنەدایە، کە دەڵێت: (بەهەموو توانام پشتیوانی ئەو کۆنگرەیە دەکەم‌و ئەوپەڕی هەوڵی خۆشم دەدەم لە شوێنی خۆمەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت). بێجگە لەوەی کە بە تەلەفۆن چەندین پەیوەندیمان پێوەکراوەو لەوانە ئارام شاڵی لە جیاتی کۆمەڵێك کوردی دانیشتووی بەریتانیا پشتیوانی خۆیان بۆ حەرەکەتەی ئێمە دەربڕیوە.

ئێمە لێرەوە بانگەوازی هەموو ئەو دڵسۆزانە دەکەین کە بە تەنگ مافی بەرپاکردنی ریفراندۆمەوەن بۆ خەڵکی کوردستان، بە شێوەی دەستەو گروپ یان بەشێوەی تاك، پەیوەندی بە ئێمەوە بگرن لە رێگەی ئەو ئەدرێس ئیمێل‌و ژمارە تەلەفۆنانەی کە لەلاپەرەی یەکەمدا بۆ پەیوەندی گرتن رامان گەیاندووە.

هەروەها هەر لەم لاپەرەیەدا ئێمە دوبارە ئەو یاداشتنامەیەمان کە ئامادەمان کردوە بۆ ئیمزاکردن، بڵاوکردۆتەوە. داواتان لێ ئەکەین کە بە دۆست‌و ناسیاوەکانتانی بگەیەنن‌و ئیمزای بکەن‌و لە رێگەی ئەو ئەدرێسانەوە بۆمانی رەوانە بکەنەوە.

**کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

## یاداشتنامەی ( ریفراندۆم پێش هەڵبژاردن ) بۆ وەڵامدانەوە بە پرسی سەربەخۆیی

**ئێمەی خەڵکی کوردستان، مافی خۆمانە پێش هەڵبژاردنی سەراسەری لە عیراقدا، ریفراندۆمێك لە کوردستان بەرپابکەین بۆئەوەی خۆمان ئەوە دیاری بکەین کە ئایا سەربەخۆیی‌مان دەوێت یان دەمانەوێت لە عیراقدا بمێنینەوە. ئێمە رازی نابین بەبێ‌پرس و بەزۆر بخرێینەوە ژێرسایەی حکومەتی ناوەندی عێراق. هەربۆیە ئەمرۆ داواکارین کە دەبێ ( ریفراندۆم پێش هەلبژاردن ) ئەنجام بدرێت بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە.**

**داوا لە هەموو هێز و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان و کەسایەتیە ئازادیخوازەکان لەجیهاندا دەکەین کە پشتیوانی لەم مافەمان بکەن.**